**کتێبخانەی گشتیی سلێمانی**
**بەشی راگەیاندن و پەیوەندەییەکان**
**بڵاوکراوەی ژمارە ( 4 )**

# ئەو (10) کتێبەی جیهانیان هەژاند

**ئامادەکردنی**
**یاسین قادر بەرزنجی**



**ئەو ( 10 ) کتێبەی جیهانیان هەژاند**

ئامادەکردنی : یاسین قادر بەرزنجی
تایپ: بەیان عەلی ، بەهرە عیزەدین
نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد
بەرگ:
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاشتی دانش
تیراژ: 500 دانە
چاپ: چاپخانەی

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (      )ی ساڵی 2011 ی پێدراوە

# پەیڤێك

لەمێژووی ژیانی ئادەمیزاددا، کتێب رۆڵی کاریگەری دیوە لە پێناوی خێرو چاکە بۆ مرۆڤایەتی، هاوکات شەڕو خراپەکاریش. لەم گۆشەیەوە هەرجارەی کورتەیەك سەبارەت بەو 10 کتێبە دەخەینە روو کە لەلایەن د.روبرت داونز (سەرۆکی پێشووی کتێبخانەی نیشتمانیی ئەمریکا) هەڵبژێردراون و هەفتانە لە پاشکۆی (اوراق)ی رۆژنامەی (المدی)دا بڵاودەکرێنەوە، کتێبەکان لەوانەن کە لەسەردەمی رێنیسانسەوە تا ئەمڕۆ کاریگەرییان بەردەوامە.

ئێمە لە ئامادەکردنی ئەڵقە ناوبراوەکانی پاشکۆی ناوبراودا، کورتکردنەوەمان لەگەڵدا ئەنجامداون، بەهیواین دیارییەکی بچووك بێت بۆ کتێبخانەی کوردیو خوێنەرانی.

جێی سەرنجە بەشەکانی ئەم نامیلکەیە لەمەوبەر بەئەڵقە وەك گۆشەیەك لە بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)دا بڵاوکراونەتەوە.

یاسین قادر بەرزنجی

2011/3/1



# میر





**نیکۆلا ماکیاڤیللی**

چوار سەدە زیاتر (ماکیاڤیلییەت) گوێی هەموو دنیای پڕکردبوو، زاراوەکە بەرامبەر بەکاری شەیتانیو خیانەتو دڵڕەقیو ناپاکی بەکار دەهات، خاوەنی ئەم زاراوەیە (نیکۆلا ماکیاڤیللی)ی هێمای پیلانگێڕی بوو کە هەموو فەلسەفەکەی لە "مەبەست پاساوی ئامڕازە" دا کۆدەبووەوە، باشترین یاساش لای ئەو "گونجاندنی سیاسی" بووە، ئەوانە هەمووی لە کتێبەکەیدا (میر) کەوا ساڵی 1513 نووسیویەتی کۆبووبوونەوە، بەڵام پێنج ساڵ دوای مەرگی خۆی



ڕوناکی دیوەو لە چاپدراوەو وەك هەر کتێبێکی مەزنی دیکە عیبرەتی تێدایە بۆ هەموو سەردەمێك.

ماکیاڤیللی بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەزیری حکومەتی فلۆڕەنسە بووە، پاشان کاری دیبلۆماتی گەیاندویەتیە ڕۆماو ئەودیو چیاکانی ئەڵباوە. ناسیاویی لەگەڵ سترۆشی زۆرداری سیناو لویسی دوانزەیەمی شای فەڕەنساو ئیمپراتۆر ماکسیمیلیانو پاپا یۆلیۆسی دووەم پەیدا کردوە، لەوسەردەمەدا سیاسەت تا ئەوپەڕی بۆگەن بووە، ئەوی تازە سیاسیی، لە چەندین دانوستانی ئاڵۆزدا سەرکەوتوو بووە، لەوێوە گاڵتەی بە سیاسەت هاتووە. لەسەر کار دەرکراوەو خراوەتە زیندانەوە، پاشان دوورخراوەتەوە بۆ گوندە بچووکەکەی لەنزیك (سان کاسبانو)و هەر لەوێ ساڵی 1527 کۆتایی بەژیانی هاتووە.

هەموو ئەو ساڵانەی دوایی، خۆی بەنووسینی کتێبەکانی (میر)و (مشتومڕ)و (هونەری جەنگ)و (مێژووی فلۆرەنسە)وە خەریك کردووە.

ئـەو لەپەیوەندییــە گشــتییەکاندا کەسـێکی زبــرو ناحـــەز بـــووە، بـــەڵام نیشـــتمانەکەی خـــۆی خۆشویستووەو خەونی بەوەوە دیوە ئیتالیـا بـەهێزو یەکگرتوو بێتو حەزی بەسیستمی کۆماریی بووە.

مەبەستی سەرەکیی (میر) ئەوەیە (بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەت هەموو شتێك ئاساییە)، کەواتە سیاسیی لـەو پێناوەدا هەرچی دڵرەقیی و فرتو فێڵە بیکات ئاساییە، هەربۆیـــە ئـــەو رەوشـــتو سیاســـەتی لەیـــەك جیاکردوەتەوە.

مـیر کتێبـی میرانـە، یـان وەك گـوتراوە "کتێبـی دڵخـوازی زۆردارانــە" ، تـا بـزانن چـۆن دەگەنـە دەسـەڵاتو دەیپـارێزن، بـەڵام لـە پێنـاوی خـودی فەرمانڕەوادا نا، بەڵکو بۆ خێرو خۆشی گەل.

بەپێی کتێبەکە، میر دەبێ سەرۆکێکی بەتوانا بـێو رێز لە هەموو سـەرکەوتوویەك بگـرێ، ئـەو کتێبـە کـە 25 جار چاپکراوەتەوە، لـە رۆما بـە (بـێ باوەڕیی ناوبراوەو قەدەغە کراوەو لە هەموو ئەورووپادا پیاوانی ئـــایین دژی وەســـتاونەتەوە، بـــەڵام لەســـەدەی



نۆزدەیەمدا کە کارکراوە بـۆ جیاکردنـەوەی ئـایین لـە دەوڵەت کتێبەکە بـرەوی پەیدا کردوەتـەوە، بـەهۆی تیۆرییەکەی ئەویشەوە (کافور)ی فەرمانڕەوای ئیتالیا وڵاتەکەی لە داگیرکەران پاك کردوەتەوەو یەکگرتووی کردوە.

بەرلە مارکس کەسێك نـەبووە بەوێنـەی ماکیـاڤیللی کاریگـەریی شۆرشـگێڕانەی لەسـەر فیکـری سیاسـیی بووبێت.



شایانی وتنە، مۆسۆلۆنی پێشەکیی بۆ نووسیوەو وەرگێڕی عەرەبیی (فاروق سعد) دایناوەتەوە، مامۆستا حسێن عارف لەگەڵ لێکۆلینەوەیەکی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد بەزمانە دەگمەنو پاراوەکەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردیی کردوە.



# سامانی نەتەوەکان





**ئادەم سمیث**

کتێبێکی (ئادەم سیمث)ەو لەدوو بەرگدا بەناونیشانی(پرسیار سەبارەت بەسروشتو هۆکاری سامانی نەتەوەکان)ە، کە کاتی خۆی لە لەندەن چاپکراوە، واپێشبینی کراوە کە لەو بوارەی چالاکی مرۆییدا کاردانەوەیەکی زۆری هەبێت، بەڵام سەرەتا وەها نەبووە، بەڵام سەدەیەك دوای مەرگی نووسەرەکەی(دوای شۆڕشی ئەمریکا)و لەگەڵ



دەستپێکی شۆڕشی فەڕەنسیو بەرەوپێشچوونی ڕەوشی پیشەسازییدا، بایەخ بەو کتێبە دراوە.

ئادەم سیمث، خەڵکی ئوسکتلندە بووەو لەتەمەنی چواردە ساڵیدا لە 1737دا پەیوەندی کردوە بەزانکۆی گلاسکۆوەو لەوێ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی(فرەنیس هتشسون)ی مامۆستای کە جەختی لەسەر بیروڕاکەی کردووەتەوە(بەختەوەریی مەزن بۆ ژمارەی مەزن)، ئەوەش بووەتە فەلسەفەی ژیانی، پاشان چووەتە زانکۆی ئۆکسفۆردو شەش ساڵیش لەوێ خوێندوویەتیو زۆربەی کاتەکانی بەخوێندنەوەی ئەدەبەوە بەسەر بردووە. هەر لەزانکۆی گلاسکۆ بووەتە مامۆستای وانەکانی زانستی لۆژیكو میتافیزیكو دواجاریش فەلسەفەی ڕەوشت.

دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی(تیۆری سۆزە ڕەوشتییەکان) کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووەو هاوسەردەمانی خۆی لە(سامانی نەتەوەکان) باشتر نرخاندوویانە.

دوای گەشتی بۆ ئەوروپاو دیداری لەگەڵ ئابووریناسانو فەیلەسووفو بیرمەندان، بەتایبەت لە فەرەنساو دوای نووسینی یاداشتەکانی لە1759دا بیرۆکەی(سامانی نەتەوەکان)ی لەلا خەملاوە، بەڵام لەسەرخۆ ئەنجامی داوەو دوای تێرامانو خوێندنەوەو توێژینەوەو گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی جیاوازدا، پاش سێ ساڵ کارکردنی تیایدا لە لەندەن، ساڵی 1776 لەچاپیداوە، ئیدی چەندین جار لەچاپدراوەتەوەو بۆ زۆر زمانی زیندووش وەرگێڕاوە.

سامانی نەتەوەکان، بەتەنیا پەیامێ نەبووە لەئابووریدا هێندەی ئەوەی ئینسکلۆپیدیایەك بووە، یەکێك لە رەخنەگران بە(مێژووی شارستانییە ئەوروپییەکانو رەخنە لێیان) ناویبردووە، تیایدا نووسەر قسەی لەسەر(دابەشکردنی کار) کردوەو چووەتە سەر چەند باسێکی تری وەکو(مێژووی دراوو سوودی، نرخی کاڵاکان، کرێی کارو سوودی بازرگانیو گەشەی ئابووریی لە کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەوە، داهاتی پاشا، داکۆکی لە دادو گەشەی سوپاکانی



ئەوروپاو مێژووی خوێندن لەچاخەکانی ناوەندو رەخنە لەزانکۆکانو مێژووی هێزی دنیایی کڵێسەو سیستمی باجەکانو داهاتی گشتی).




سیمث، مەسەلەی گشتیی کە کتێبەکەی لەسەر بونیاد ناوە بۆچوونی(نیکۆلا ماکیاڤیللی) بووە کە بریتی بووە لە(بەر لە هەموو شتێك مرۆڤ بەرژەوەندییەکانی لامەبەستە، کە سامان یەکێکە

لەوانە، خۆپەرستیشی لەپشت چالاكیی مرۆڤەوەیە، بەڵام لای ئەو خەسڵەتی خۆپەرستی رەوایەو لەپێناوی بەرژەوەندیی كۆمەڵدا دەیبینێت).

ئادەم سیمث، ئەو كەسەبوو كە بانگەوازیی(ئازادی ئابووریی) لەسەردەمی راستەقینەی خۆیدا راگەیاندو كتێبەكەشی لەمێژوودا خاوەن دەنگو سەنگەو بەهەق شایانیەتی كە پێی دەگوترێت (باوكی زانستی ئابووریی نوێ).



# سەرمایە



**کارل مارکس**

لەشیوەننامەکەیدا بۆ کارل مارکس، فریدریك ئەنجلس وتوویەتی"بەر لە هەموو شتێك مارکس شۆڕشگێڕبووە، ئامانجی مەزنی ژیانی هاوکاری کردن بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریو دامو دەزگاکانی.."، ئەو یاریدەدەرو خوێندکارەی، کە دڵسۆزترین هاوڕێشی بووە، ئا بەوشێوەیەو



بەکورتی باسی لەژیانی ئەو یاخیبووە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەی کردوە.

مارکس لەسەردەمێکی پڕ لەئاژاوەدا لەدایك بووە، سەردەمێك پڕاوپڕ لەنیگەرانیو یاخیبوون، شۆرشی فەڕەنسا لەیادەوەریدا زیندوو بووەو شۆڕشێکی دیکەش بەڕێوەبووە، ساڵی 1848 ئەو حاڵەتە گۆڕراوە بەهێزێکی گەورەو لە ئەوروپا شۆڕش بەرپابووە، تەنانەت لەئینگلتەرە بزوتنەوەی کرێکاران داوای بەشدارییان کردوە لە سیاسەتی وڵاتداو هەڕەشەیان لەمیری کردوە. لە هەموو شوێنێك لەپێناوی خراپ مامەڵەکردنی کرێکاران فشار بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ نەهێشتنی پاشماوەی دەرەبەگایەتی، ئەو سەردەمە تەواو لەباربووە بۆ بیروباوەڕە شۆڕشگێڕییەکانی کارل مارکس.

مارکسی لاو یاساو فەلسەفەی لەبۆنو بەرلین خوێندوە بەوهیوایەی ببێتە مامۆستا، بەڵام بەهۆی بیروڕا سیاسییەکانییەوە دەرگای لەروودا داخراوە. پاشتر روویکردوەتە رۆژنامەنووسیو ساڵی 1842

ڕۆژنامەیەکی نوێی دامەزراندوەو بووەتە یەکەمین نووسەریو پاشان بووەتە سەرنووسەری، بەڵام بەهۆی ئاراستەی سەرچڵانەی ڕۆژنامەکەو هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر حکومەتی بورسیا بەر لەپڕکردنەوەی ساڵێك، داخراوە.

مارکس بەمەبەستی توێژینەوەی سۆشیالیزم چووەتە فەڕەنساو لەوێ نووسیویەو دیارترین نوێنەرانی بیری سۆشیالیزمو کۆمۆنیستیی ناسیوە، دیارترین ڕووداوی ژیانیشی هاوڕێیەتی بەستنی بووە لەگەڵ فریدریك ئەنجلسو هەموو ژیانیان بەهاوڕێیەتی ماونەتەوە، ئەو ئەڵمانییەکی تاڕادەیەك دەوڵەمەندبووەو لەپشتیوانانی بیری سۆشیالیزم بووە، ئەنجلس بنچینەی کتێبی(سەرمایە)ی مارکسی لە 1845دا داڕشتووە.

هاوکات لەنووسینەکانی تریدا هانی کرێکارانی داوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەناوجەرگەی سیستمی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخدا، تا چینە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر شۆڕشی کۆمۆنیزم بلەرزنو کرێکارانیش



جگە لەکۆتو پێوەندەکانیان، چی تریان لەکیس ناچێت، داوای لە کرێکارانی جیهانیش کردوە یەکگرن.

مارکس خۆیو خێزانەکەی لە دەربەدەریو برسێتیدا لە لێواری مەرگ نزیك بوونەتەوەو هەموو جارێکیش هەر بەیاریدەدانی ئەنجلس ژیاونەتەوە. لەو نەبوونیو نەخۆشییەدا، لە لەندەن ڕۆژانە شانزە سەعاتی لەمۆزەخانەی بەریتانی بردوەتەسەر بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە بۆ کتێبی(سەرمایە). گەر ماوەی نەخۆشیو سەرقاڵی بەنووسینی دیکەوەی لێ دەربکرێت، ئەوا زیاد لە 18 ساڵ بەنووسینی ئەو کتێبەوە خەریك بووە.

ئەنگلسی نووسەری هاوکاری بەرامبەر تەواوکردنی کتێبەکە ڕەشبین بووە، تەنانەت گوتوویەتی"ئەو ڕۆژەی کتێبەکە دەچێتە چاپخانە، ئەوا خۆم مەست دەکەم". هەردووکیشیان بە کتێبی"نەفرەتلێکراو" ناویان بردووە.

کۆتایی ساڵی 1866 (سەرمایە) تەواو بووەو دەستنووسی بەرگی یەکەمی نێردراوە بۆ هامبۆرگ،

له سه‌ره‌تای ساڵی داهاتوودا به‌زمانی ئـه‌ڵمانی چاپی ته‌واو بووه‌و دوای بیست ساڵیش كراوه‌تـه‌ ئینگلیـزی‌و ساڵی 1872 كراوه‌ته‌ رووسی.

ئه‌نجلس سه‌باره‌ت به‌هاوڕێكه‌ی وتوویه‌تی"هه‌رچۆن داروین یاسای گه‌شه‌سه‌ندنی له‌ سروشتی ئۆرگانیزمدا دۆزیوه‌تـــه‌وه‌، به‌هـــه‌مان شـــێوه‌ مـــاركس یاســـای گه‌شه‌سه‌ندنی له‌ مێژووی مرۆییدا دۆزیوه‌ته‌وه‌".






# بنه‌ڕه‌تی جۆره‌كان





**چارلس داروین**

هەرچەندە، بیروڕا سەرەکییەکانی تیۆری داروینیزم بەشێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ لەجیهانی زانستدا پەسەندکراوە، بەڵام بۆماوەی دووسەدە جێگای مشتومڕبوو.

داروین لەتەمەنی لاوێتیدا نەیدەزانی دەبێتە زانایەکی بەناوبانگ، ئەو سەر بە بنەماڵەیەکە کە چەندین زانایان تیادا هەڵکەوتبوو، باوکی هەر لە زووەوە زیرەکییەکی بێهاوتای لە کورە بچووکەکەیدا



بەدی دەکرد، لە هەردوو زانکۆی ئەدنبەرەو کامبریدج خوێندویەتی، بەردەوام گەشتی کردوەو وەك زانایەکی سروشت لەگەشتەکانیدا پەرەی بە سەرنجو زانیارییەکانی داوە.

داروین بڕوای بەوەهێناوە کە هەر جۆرێك لە پێکهاتەکانی سروشت بەشێوەیەکی تەواو خولقاونو لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکاندا ماونەتەوە.

کاتێ گەڕاوەتەوە ئینگلتەرە، یاداشتەکانی لەمەڕ "گەشەکردن"، کە راستییەکانی سەبارەت هەموو رەگەزو جۆرەکانی سروشت تیادا تۆمار بووە، پاراستووە، ساڵی 1842 یەکەمین دەستنووسی تیۆرەکەی داڕشتووەو لە 35 لاپەڕەدا بووە، ساڵی 1844 فراوانتری کردوە بۆ 230 لاپەڕە.

لەسەرەتادا، مەتەڵی گەورە ئەوەبووە: چۆن دەرکەوتنی جۆرەکانو نەمانیان شیدەکرێتەوە؟ داروین بە رێکەوت ئەو مەتەڵەی دۆزیوەتەوە، ئەویش کاتێ بابەتێکی (مالوس)ی دەربارەی دانیشتووان کەوتووەتە بەرچاو، کەتیایدا باس لە هۆکاری

زیادنەبوونی دانیشتووان کردوە بەهۆی نەخۆشیو رووداوو جەنگو برسێتییەوە، داروین زانیویەتی کە هۆکاری هاوشێوەش هەیە بۆ کەمبوونەوەی ئاژەڵو رووەك، ئەوەتا دەڵێت "جۆرە باشەکان پارێزگاریی لەمانەوەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوانەی تر رەگەزی خۆیان پێناپارێزرێت، لێرەدا رەگەزی نوێ دێتە ئارا، لێرەوە بوومە خاوەنی تیۆری خۆم".

ئا بەوشێوەیە بیرورِا بەناوبانگەکانی داروین دەرکەوتن کەسەبارەت "مانەوەی سروشتی"و ململانێی مانەوە"و "مانەوەی باشترین" بوون، ئەوانە بەردی بناغەی کتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان)ی بوون.

داروین بیست ساڵ خەریکی نووسینی یاداشتەکانی بووە، سەلماندی بۆ تیۆرەکانی دۆزیوەتەوە، ژمارەیەکی زۆر کتێبو گۆڤاری خوێندوەتەوە، هەروەها کتێبی گەشتنامەو ماتماتیكو رواندنی گوڵو میوەو سەوزەو پەروەردەی ئاژەڵو مێژووی سروشتی، خۆی وتویەتی "کاتێ تەماشای لیستی ئەو کتێبانەم دەکرد کە خوێندبوومنەوەو کورتم



کردبوونەوە، بەرامبەریان سەرسام دەبووم"، وێڕای ئەوانە لەگەڵ شارەزایانی ئاژەڵداریو رووەکداری گفتوگۆی کردوەو پرسیاری بۆ هەریەکێ ناردوە کە زانیاریی بەکەڵکی لە لابووبێت، لەگەڵ ئێسكو پەیکەری باڵندەکاندا خەریك بووە، ئەزموونی بەسەر باڵندەو رووەكو تۆو و سەوزەدا تاقیکردوەتەوە، تا گەیشتووەتە ئەنجامی داڕشتنی تیۆرییەکانی.

ساڵی 1859 جۆن مۆرای لە لەندەن کتێبەکەی لە 1500 دانەدا بڵاوکراوەتەوەو هەر لەیەکەم رۆژدا فرۆشراوە، ئیتر بەدوای یەکدا تا ساڵی مردنی چارلس داروین لە چاپدراونەتەوەو تیراژیان گەیشتووەتە 24 هەزار دانە، ئەمە تەنیا لە ئینگلتەرە، کتێبەکە بووەتە دیارترین چاپکراو لە مێژووی زانستدا.

کتێبەکە بە چۆنێتی (هەڵبژاردنی سروشتی) دەستپێدەکات، هەڵبژاردنی رەگەزە بەهێزەکان، ئەوانەی بەرگەی کەشی سروشت دەگرنو زیاد دەکەن، لە دوابەشەکانی کتێبەکەشدا (داروین) باس

لەسنووری لەرادەبەدەری هەڵبژاردنی سروشتی دەکات.

داروین، کاتێك کتێبەکەی کەوتوەتە بەرچاو، پشتگیریی تەواوی لەلایەن هاورێ زاناکانیەوە لێکراوە، هەرچۆن ژمارەیەکی تر دژی وەستاونەتەوە، ئەوان لە دیدی کۆنەپەرستانەوە دژایەتییان کردوە، کەسانی وەکو (ئوین) لە ئینگلتەرەو (ئەجاسیر) لە ئەمریکا. بیروڕاکانی ئەویان بە کەفوکوڵی زانستی زانیوەو پێیان وابووە هەر زوو دادەمرکێنەوەو لەیاد دەچنەوە، ئەویش پێکەنینی بە قسەکانی ئەوان هاتووە!



# خەباتی من





**هیتلەر**

ئەدۆلف هیتلەر(1889–1945) لە شارێکی نەمسای سەر سنووری ئەڵمانیا لەدایك بووە، بەڵام زیاتر خۆی بەئەڵمانی دەزانی، کاتێ دایكو باوکی مردوون تەمەنی سیانزە ساڵان بووە، ئیدی دەستی لە خوێندنی قوتابخانە هەڵگرتووە، بووەتە وێنەگرو سەرکەوتوو نەبووە تیایدا، ئیدی ویستویەتی لە تەلارسازیدا کار بکات، بەڵام بەهۆی هەژاریی خوێندنیەوە لەویشیاندا دووبارە ناکام بووە.



هیتلەر خۆی دەڵێت ; هەر ئەو ماوەیەی لە ڤییەننا ژیاوە زۆری خوێندووەتەوە، بەتایبەت کتێبەکانی مێژوو، کتێبێك کە لەسەر جەنگی فەڕەنسی _ پروسی بووە سەرنجی راکێشاوەو وایلێکردووە شانازیی زۆر بکات بەنەژادی ئەڵمانییەوە، باوەڕی بەچارەنووسی ئەڵمان هێناوە وەك خودا خۆی بۆی نووسیوە، هاوکات رقێکی زۆری لە جوولەکە بووەتەوەو چارەی هەموو سلاڤیو غەیرە ئارییەکانیشی نەویستووە. هەرچەندە خوێندکارێکی بەئاگای پلانەکانی جەنگ بووە، بەڵام بەدرێژایی ژیانی رقی لە مارکسیزم بووە، هەرچۆن حەزی بە دیموکراسییەتو دامەزراوەکانی نەبووەو ئەوەش لە کۆبوونەوەکانی رایخسراتی نەمساویدا بەروونی دەرکەوتووەو بە رێبازێکی کاریگەری نەزانیوەو هەموو ئەوانە لە کتێبەکەیدا(خەباتی من) خراونەتە روو. کاتێ ئاگری جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرساوە بووەتە سەرباز لە تیمێکی لەشکری باڤاریدا، بەرلەوەی شەڕ گەرم ببێت بە گازی کوشندە زامدار

بووەو بەرامبەر ئەوە دوو میدال کراوە بەسنگییەوەو پلەکەشی بەرزکراوەتەوە بۆ چاوەش.

بەشکستی ئەڵمان گەلێ غەمبار بووەو جامی تووڕەیی پڕبووەو پێی وابووە کە ئەو شکستە بەهۆی جوولەکەو مارکسیزمەکانو لایەنگرانی ئاشتییەوە بووە.

کە گەڕاوەتەوە میونیخ بەشداریی سیاسەتی کردوەو بووەتە ئەندام لە(پارتی کرێکارانی ئەڵمان)دا ; کە هەوێنی حیزبی نازی بووە، دوای ماوەیەکی کورت جڵەوی حیزبەکەی گرتووەتە دەست، بەرنامەی حیزبەکە بەخواستی هیتلەر چووە بەڕێوەو شکستی بە دەزگا تەشریعییەکان هێناوەو پرەنسیبی ملکەچیی کوێرانەی بۆ سەرکردە سەپاندووە.

ساڵی 1923 هەوڵی کودەتایەکی داوەو سەری نەگرتووەو بۆماوەی یەك ساڵ حوکمی زیندانیی بەسەردا دراوە. لەوێ بەشی یەکەمی یاداشتەکانی بەناوی (خەباتی من) نووسیوەتەوە، ساڵی 1926



بەشی دووەمی نووسیوە، بڕوای بە ئەڵمانیا هەبووە کە یان دەبێ هێزێکی جیهانیی بێت، یان هەر بوونی نەبێت، هەرچۆن سەبارەت فێرکردنو خوێندن بڕوای بەوە نەبوو خوێندن هەر لە کتێبەکانەوە بێت، بەڵکو بەپلەی یەکەم فێرکردنو تەندرووستی جەستەییو دووەم گەشەکردنی کاراکتەری مرۆڤ بەپێی پرەنسیبە سەربازییەکانو ئینجا پەروەردەکردنی مێشك لەرێی خوێندنەوەوە. هیتلەر دیموکراسیەتی بەتیۆری فریودان داوەتە قەڵەم، چونکە مرۆڤ هەمووی بەیەکسانی دەبینێت، لای ئەویش هەر بیروڕایەك کۆدەنگیی جیهانیی لەسەر بێتو مافەکان بەیەکسان ببینێت ئەوا زیانبەخشو وێرانکارە!

هیتلەر لە سەروو هەموو کەسێکەوە بووەو بەرپرسیاریی هەموو ئەو کردەوانەی لەئەستۆ بووە کە کردوونی یاخود نەیتوانیوە بیانکات.

لە ئەڵمانیا ملیۆنان دانە لە(خەباتی من) فرۆشراون، هەر بووكو زاوایەکی نوێش دانەیەکیان بەدیاری پێ دراوە، بەڵام پێویست بووە لەسەر هەر

ئەندامێکی حیزبی نازیو هەر کارمەندێکی مەدەنی کە دانەیەکی لیَ دابین بکەن.

ئەگەر تەماشای (خەباتی من) بکرێتەوە، ئەوا مێژوونووسان بڕیار دەدەن کە هیتلەر هیچ لە مێژوو نەگەیشتووە، زانایانی رەگەزە مرۆییەکانیش دەڵێن بۆچوونەکانی لەسەر رەگەزی مرۆڤ بیَ سەروبەر بووە، ئەوە تێڕوانینی بۆ پەروەردەوفێرکردن لەولاوە بوەستیَ کەوا تێڕوانینی سەدەکانی ناوەند بوون.

هیتلەر ئاوێتە بووە لەژێر کاریگەریی(هونەری ماکیاڤیللی) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کە دووربووە لە رەوشتو نەتەوەخوازیی رۆمانتیکی(واجنەر)و گەشەکردنی ئۆرگانی(داروین)و مەسەلەکانی رەگەزپەرستی بە زیادەڕۆییەوە وەك(جۆنینۆ).

دواجار، خەباتی من سەرچاوەی یەکەمە بۆ دیکتاتۆرەکان لە هەر کوێیەك بن، ئەوانەی بڕوایان بەماکیاڤیللی هەیە.



# لێکدانەوەی خەونەکان



**فرۆید**

کۆڕایی هەیە لەسەر ئەوەی کە دەروونناسیی لەسەرجەم لقەکانی زانست جودایەو لەهەموویان زیاتر تەمومژاوییە، هاوکات لەهەموو زانستەکان کەمتر سەلماندنی بەسەردا دەچەسپێ، لەوێوە مشتومڕی نێوان (سیگمۆند فرۆید)و شیکارە دەروونییەکان دەستی پێکردوەو زیاد لە شەستساڵی خایاندوە.



باپیرانی فرۆید هەروەك مارکس مالوومی جوولەکە بوون، بەڵام ئەو بەپێچەوانەی مارکسەوە (وەك خۆی گوتویەتی) هەر جوولەکە ماوەتەوە. لەسەرەتای ژیانیدا سەرسام بووە بەتیۆرەکانی (داروین) چونکە هەستی کردوە هیوابەخش بوون بەرامبەر چەمکی لە جیهان گەیشتن، لەوێشەوە حەزی لە خوێندنی (پزیشکی) بووەو چووەتە زانکۆی ڤیەنناو ساڵی 1881 بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

جێی قسە نییە کە فرۆید دامەزرێنەری پزیشکیی نوێی نەخۆشییە ئاوەزییەکانە، لەوەوبەر نەخۆشییە دەروونییەکان بە(شێتی) دەزانراو دەبوو نەخۆش لاگیر بکرابا لە نەخۆشخانە، بەڵام ئەو هاتوو بۆ چارەسەریان کاری کلینیکی ئەنجام دەداو ئیدی کەسانی دووچار بوو بەشپرزەیی‌و خەمۆکی چارە دەکرد.

ئەو لەهەموو نووسەرانی دی زیاتر نووسینی هەبووەو لە هەموو کەس زیاتر تێزە زانستییەکانی مشتومڕیان ناوەتەوە.

کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)ی فرۆید یەکەمین هەوڵدانە بۆ توێژینەوە لەدیاردەی خەونەکان، دوای 31 ساڵ لەنووسینی وتوویەتی "کتێبەکە مەزنترین پەی پێبردنی تیادابووەو بەخت یاوەرم بووە لەنووسینیدا"، ئێمەش دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە (خەون) بەدەستهێنانی بەردەوامە بۆ ئارەزوویەك، هەر خەونە گوزارشت لە درامایەکی جیهانی ناوەکی دەکات، چونکە هەمیشە خەونەکان بەرەنجامی ململانێن، خۆیشی گوتوویەتی "خەون پاسەوانی نووستنە"و ئەرکەکەشی یارمەتیدانی نووستنە نەك وەڕس کردنی، چونکە ئەو گرژییانە ئازاد دەکات کە بەرهەمی کۆمەڵە حەزێکنو نایەنە دی.

جیهانی خەون، بەپێی باوەڕی فرۆید کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئاوەزێکی ناهۆشیارەوە بەرامبەر یەکەی بۆماوەیی، خەونەکان گرنگن بۆ پسپۆڕانی دەروونزانی، چونکە پەلکێشی دەکات بۆ ناهۆشیاریی



نەخۆش، لەو مێشکەشدا سەرجەم حەزە سەرەتاییو عاتیفییەکان چەپێندراون.

هەربۆیە واتای خەونەکان هەمیشە ناڕۆشن بوونو بەڵکو گوزارشت لێیان بەهۆی وێنەی هێماکانەوە بووە کە دەبوو شارەزا لێکیانبداتەوە، لەم کتێبەدا چەندین نموونەی خەونەکان هەن کە فرۆید سایکۆلۆژییانە لێکیداونەتەوە.

نووسەر لەبۆچوونەکانی سەبارەت دیاردەی خەون بینین بڕیاریداوە کە ئەوانە لەدایك بووی ڕێکەوت نین، بەڵکو واتایان هەیەو دەکرێت لێکبدرێنەوە، بۆ نموونە:

لەبیرچوونەوەی ناوێك لەلایەن کەسێکەوە واتای رقی دەگەێنێ بەرامبەر ئەوەی ناوەکەی لەبیرچووەتەوە، یان کە شەمەندەفەر لەخەوندا یەکێك جێدێڵێت ئەوە بەو مانەیە دێت کە ئەو کەسە نایەوێ سواری بێت، یان پیاوێك گەر کلیلی ماڵەکەی بزر بکات واتە لە ماڵەکەیدا بەختەوەر نییەو نایەوێ سەری پیادا بکاتەوە.

ئەمڕۆ زانایانی دەروونزانی بوون بە دوو بەشەوە، هەندێك پشتگیری لە فرۆید دەکەنو هەندەکەی تر بە پێچەوانەوە، تەنانەت قوتابییەکانیشی، ئەوەتا (ئەلفرێد ئادلەر) لێی جودا دەبێتەوە چونکە پێی وایە مامۆستاکەی زیاد لە پێویست جەختی لەسەر ئارەزووە سێکسییەکان کردوەتەوە.

بەڵام وینفرید هۆلستەر دەڵێت "هۆکارێکی بەهێز هەیە بۆ باوەڕهێنان بەوەی کەسەد ساڵی تر، فرۆید هاوشانی کوپەرنیکۆسو نیوتن دەبێت، وەك یەکێك لەو پیاوانەی ئاسۆی نوێی لە ئاسۆیەکانی هزردا واڵا کردوە، دیارە لەم سەردەمەدا هیچ کەسێك بەوێنەی فرۆید تیشکی ئاڕاستە نەکردۆتە سەر ئاوەزی مرۆڤ".

فرۆید دوا مانگەکانی ژیانی لەمەنفا بردوەتە سەر، چونکە لەدوای داگیرکردنی نەمسا لەلایەن نازییەکانەوە، ناچار بووە ساڵی 1938 ڤیەننا جێبهێڵێتو ئینگلتەرەش مافی پەنابەری پێ بەخشیوە، بەڵام شێرپەنجە لێی نەگەڕاوەو لە سێپتێمبەری 1939دا بۆ دواجار چاوی لێکناوە.



# تیۆری ڕێژەیی



## ئەنشتاین

ئەلبێرت ئەنشتاین یەك لە كەسە دەگمەنەكانی مێژووە، لەژیانی خۆیدا بووە ئەفسانە، چەندە بیروڕاكانی لای عەلمانییەكان تەمومژاویی بوونایە، هێندەی تر كەسایەتیی نامۆ دەبوو و لەروانگەی باڵاترەوە ئاخافتنەكانی دەردەبڕی، ئەوەتا (بێرنارد



راسل) وتوویەتی ((هەموو كەس دەزانێ كە ئەنشتاین كارێكی سەرسوڕهێنەری كردوە، بەڵام كەسانێكی كەم دەزانن كە ئەو چی كردوە)).

دەشێت دە كەس لە تیۆرەكانی دەربارەی گەردوون تێگەیشتبن، ئەو تیۆرانەی كە هەزاران‌و بگرە ملیۆنان ئالوودەی تێگەیشتنی بوون‌و دەیانویست بزانن ئەو جادووگەرە مەزنەی بیركاریی چی گوتووە، ئەو كاری لەسەر رێژەی نێوان رووداوە سروشتی‌و بیركارییەكان كردوە، كەواتە راڤەیان بەتەنیا بەزاراوە ماتماتیكییەكان دەكرێن، هەرچۆن كەسێ (جەبر) نەزانێت لێی تێناگات.

لەگەڵ ئەوانەشدا، هەر چەندە ئەو زانایە تیۆرەكانی لە بواری بیركاریدا لەژمارە نایەن، بەڵام زیاتر ناوبانگی بە (تیۆری رێژەیی) دەركردوە، ئەوەش وایكردوە زانایەكی وەك (بانیش هۆخمان)بڵێت ((ئەنشتاین خاوەن خەسڵەتێكی دەوڵەمەندە كە وایكردوە لەنێو زانا مەزنەكاندا جێی بێتەوە، لەنێو

زاناکانی وەك نیوتنو ئەرخەمێدس دا بێت، تیۆرەکەی لەنێوان ناکۆکیو سەرکەوتندایە.

شۆڕشەکەی ئەنشتاین لەساڵی 1905دا دەستی پێکردوە ئەویش دوای بڵاوکردنەوەی وتارێك بەناوی (داینامیکی کارەبایی تەنە جووڵاوەکان)ەوە، ئەو کاتە تەمەنی 26 ساڵ بووەو کارمەندێکی بچووکی فەرمانگەی داهێنانە سویسرییەکان بووە، ئەو لەخێزانێکی جوولەکە لەدایك بووە لە (بارڤاریا)ی ئەڵمانیا ساڵی 1879 لەدایك بووە، کە خوێندکار بووە بەتەنیا لە بیرکاریدا زیرەك بووە، لە 15 ساڵیدا چووەتە سویسراو کاری کردوەو خوێندوویەتی، لەوێ ژنی هێناوەو بووەتە هاووڵاتییەکی سویسری، لەدانراوی فەیلەسووفو زانایانی سروشتو بیرکاری کۆڵیوەتەوە، ساڵی 1905 تیۆری تایبەت بەڕێژەی ڕاگەیاندوەو بەوەش بەرەنگاری هزری باوی مرۆڤ لەمەڕ زەمەنو بۆشاییو ماتریاڵو وزە بووەتەوە.

بناغەی ئەم تیۆرە لەسەر دوو بابەتی سەرەکیی داڕێژراوە. یەکەم تیۆری ڕێژەیی هەموو جووڵەیەك



بەڕێژەیی دەزانێت، بۆ ئەوەش نموونەیەکی باسکراو هەیە لەسەر جووڵەی شەمەندەفەرو پاپۆڕ، کە هەست بەخێراییو ئاراستەی ڕۆیشتن ناکەن، تەنانەت بەجووڵەش.

دووەمیش خێرایی تیشك جوداو سەربەخۆیە لەجووڵەی سەرچاوەکەی، ئەو خێراییە کە 186 هەزار میلە لەیەك چرکەدا جێگیرە لە هەر جێگایەکی زەمینداو کاریگەریی شوێنو زەمەنو ئاراستەی لەسەر نییە.

بۆ نموونە، لەشەمەندەفەری جووڵاودا تیشك بەهەمان خێرایی دەرەوەی شەمەندەفەرەکەیە، بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی نیوتنەوە، ئەو دەیووت هیچ شتێك نییە ناوی (جووڵەی ڕەها) بێت، چونکە جووڵە حاڵەتی سرووشتی هەموو شتێکەو لەسەر گۆی زەویی هیچ شتێك نییە لە ڕاوەستانی تەواودا بێت.

لەگەڵ تیۆرە ڕێژەییەکەی ئەو زانایەدا لەساڵی 1905دا یاسای تیشکە کارەباییەکەشی هەبووە کەڕێگا خۆشکەر بووە بۆ پەیدابوونی تەلەفزیۆنو

سینەمای دەنگدار، بەهۆی ئەو داهێنانانەوە ئەنشتاین سالّی 1922 خەلاّتی نۆبلّی لە فیزیکدا پیّ دراوەو گەلێك لەزانایانیش باسی گەورەیی ئەویان کردوە. ئەوەتا بول ئویهزر گوتوو

.یەتی ((کۆنترۆلّ کردن وشەیەکی لاوازە بۆ پێناسەی کارەکانی ئەنشتاین، تیۆرەکانی شۆڕشگێڕانە بوون، تیایاندا سەردەمی ئەتۆمی لەدایك بووە کەنازانریّ رەگەزی مرۆیی بەرەو کویّ دەبات، بەلاّم دلّنیاین لەوەی کە ئەو مەزنترین زاناو فەیلەسووفی سەدەی بیستەم بووە، لای ئێمە وەك (قەدیس) وەهایە، کارەکانی بڕوامانی بە ئاوەزی مرۆڤ سەلماندوە)).

بۆ هەر کۆییەك چاو بگێڕین، دەبینین فیزیکی سەدەی بیستەم سیمای بلیمەتیی ئەنشتاینی پێوە دیارە.



# بەرەبەیانی پزیشکیی زانستی


EXERCITATIO
ANATOMICA DE
MOTV CORDIS ET SAN-
GVINIS IN ANIMALI-
BVS,
GVILIELMI HARVEI ANGLI,
Medici Regii, & Professoris Anatomiae in Col-
legio Medicorum Londinensi.

FRANCOFVRTI,
Sumptibus GVILIELMI FITZERI.
ANNO M. DC. XXVIII.



ولیەم هارڤی

رێنیسانس لەئەوروپا بە تەنیا ئەدەبیاتی نەبوژاندەوە، بەڵکو جۆرە وریابوونەوەیەکی هزریش بوو بۆ زانستە سروشتییەکان، ئەو ماوەیە بەسەردەمی گالیلۆو کیلەرو باکۆن‌و دیکارت‌و (هارڤی) ناو دەبرێت.



دوای ئەوەی ولیەم هارڤی (کامبیردج)ی تەواوکرد، چوار ساڵ لەبەردەستی مامۆستای بەناوبانگ (فابریکیوس)ی دۆزەرەوەی خوێنبەرەکان خوێندوویەتی.

دوای ئەوەی ساڵی 1602 گەڕاوەتەوە ئینگلتەرە، وەك پزیشك‌و وانەبێژو نووسەر ماوەی پەنجا ساڵی تەواو خزمەتی کردوەو کچی پزیشکە تایبەتەکەی شاژنە ئەلیزابێسی خواستووە، پاشان وەك (هاوڕێ) لە کۆلێژی پزیشکیی شاهانە کاریکردوە، هەروەها وەك پزیشکی جیمسی یەکەم‌و شارلی یەکەم.

لەگەڵ ئەوانەدا، بە درێژایی ژیانی سەرقاڵی توێژینەوەی پزیشکی‌و تاقیکردنەوەکان بووەو ساڵی 1616 چەندین موحازەرەی سەبارەت سوڕی خوێن لە کۆلیژی پزیشکی وتووەتەوە، وەك لەیاداشتەکانیدا نووسیویە تەواو بڕوای بەتیۆرە بەناوبانگەکانی بووە دەربارەی سوڕی خوێن‌و وتویەتی "خوێن بەشێوەیەکی بەردەوام‌و بەهۆی لێدانی دڵەوە لە بازنەیەکدا دەسوڕێتەوە".

دوای چەندین ساڵ لە ئەزموونەکانی، ساڵی 1628 لە ئەڵمانیا کتێبێکی (هارڤی) لە 72 لاپەڕەدا بڵاوکرایەوەو بەلای زۆربەی ناوەناسراوەکانی جیهانی پزیشکییەوە گرنگترین کتێبی پزیشکی بووە کە تا ئەو دەمە روناکی دیوە، کتێبەکە بە زمانی لاتینی بووە کە ئەو دەمە زمانی زانستیی باوی جیهان بووە، ناونیشانەکەی (مەشقی توێکاریی لەسەر جووڵەی دڵو خوێن لە ئاژەڵاندا بووە، چونکە لە فرانکفۆرت بازاڕی ساڵانەی کتێب هەبووە، هەربۆیە لەوێ بڵاویکردوەتەوە تاوەکو بەخێرایی بگاتە دەستی زانایانی کیشوەری ئەوروپی، لە کتێبەکەیدا بەهۆی خەتە خراپەکەیەوە چەندین هەڵەی چاپ کەوتبووە ناویەوە.

هارڤی روونیکردوەتەوە کە خوێن لەلای چەپەوەو لەرێی خوێنبەرەکانەوە دەگاتە دڵ، پاشان خوێنەکە لەرێی خوێنهێنەرەکانەوە بەلای راستی دڵدا دەگەڕێتەوە.. سووڕی خوێنیش بەهۆی پێکەوەگرێدراوی دەمارەوە ئەنجامدەدرێت.. لەوێوە



باسی لەوە کردوە کە جووڵەی هەردوو سکۆڵەو هەردوو گوێچکەڵەی دڵ بەدوای یەکدا دەستپێدەکەن.

دەشێ بۆ سووڕی بازنەیی خوێن، هارڤی سوودی لە فەیلەسووفە کۆنەکانی وەك (ئەرستۆ) وەرگرتبێت کە زانیویەتی جووڵەی تەواو بازنەییەو ئەوەش نموونەترین جووڵەیە.

دوای چەند ساڵێك بەدوای مەرگی (هارڤی)دا ئەو گومانە روونبووەتەوە، واتە تیۆرەکەی ئەو زانایە لەمەڕ سووڕی خوێن، ئەویش کاتێك (مارسبلو مالپیجی)ی مامۆستای توێکاری لە زانکۆی پۆلۆنیا بە مایکرۆسکۆب مەسەلەی تیۆرەکەی ئەو زانایەی پشکنیوە، دیویەتی تۆڕی دەزوولە خوێنینەکان دەمارەکانیان گەیاندووە بە خوێنبەرەکان، هەرچۆن هارڤی پێشبینی کردبوو، بەوەش دوا هەنگاوی سەلماندنی سووڕی خوێن چەسپاوە.

بێجگە لەوەش، واتە لە داهێنانە زانستییەکەی، هارڤی گەورەترین بەشداریی کردوە لەخزمەتی زانستو توێژینەوە زانستییەکان، ئەویش لەرێی ئەزموونو میتۆدە تاقیگەییەکانەوە بووە، ئەو بناغەی

داڕشتووەو لەسەر ئەو بناغەیە زانستی ئەرکەکانی ئەندامانی لەشو پزیشکی بۆ ماوەی سێ سەدە زیاتر بونیادنراوە، خۆیشی گوتوویەتی "پێویست بوو لە نهێنییەکانی سروشت لە ڕێی ئەزموونەکانەوە بکۆڵمەوە".

بۆ خۆشبەختی، هارڤی لەنێو زاناو بەتواناکاندا رازی بوونی گشتیی بەرامبەر بەتیۆرەکانی بەچاوی خۆی دیوە، دامەزراندنیشی بەراگری کۆلێژی پزیشکی لەساڵی 1654دا، واتە سێ ساڵ بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، ئاماژەیە بۆ پایە بەرزیی ئەو لەنێوان هاوڕێیانی پیشەکەیدا.

هەرچۆن ئەو چەند دێڕەی سەر کێلی گۆڕەکەشی کە بەلاتینی نووسراوە، بەڵگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لەلایەن هاوچەرخەکانیەوە، کەتیایدا هاتووە "ولیەم هارڤی، کە سەرجەم ئەکادیمیاکان ڕێز لە ناوە بەڕێزەکەی دەگرن، لە هەزاران ساڵدا، یەکەم کەسبوو کە جووڵەی ڕۆژانەی خوێنی ئاشکرا کرد، بەوەش تەندروستیی بەهەموو جیهانو نەمریی بەخۆیشی بەخشی..".



# تیۆرە ماتماتیکییەکان



## ئیسحاق نیوتن

کتێبی (تیۆره بیركارییەكان بۆ فەلسەفەی سروشتی) ئیسحاق نیوتن بەناوبانگترین كتێبە كە كاریگەریی قووڵی لەسەر كاروباری ئادەمیزاد جێهێشتووە، نووسەرەكەی بە زمانێكی لاتینی



هونەرییانە داپڕشتووە كە زمانێكی تەمومژاویی بووە، شیكارییەكانیش بە فۆرمی ئەندازەیی ئاڵۆزبوون.

خوێندنەوەی ئەو كتێبە تەنیا لەلایەن زانایانی گەردوونناسیو بیركاریو سروشتەوە بووە، ئەوانەی خاوەن زانیاریی فراوان بوون، تەنانەت یەكێك لە نووسەرانی ژیننامەی نیوتن گوتوویەتی"كاتێك ئەو كتێبە لە دوا چارەكی سەدەی حەڤدەیەمدا بڵاوبووەتەوە، لەسێ چوار كەس زیاتر كەسی دیكە تێی نەگەیشتوون"، هەرچۆن نیوتن خۆیشی بە كتێبێكی قورسی داوەتە قەڵەمو هیچ بیانوویەكیشی بۆ ئەوە نەبووە، چونكە كتێبەكەی بۆ نەخوێندەوارەكانی بواری ماتماتیك نەنووسیووە.

(لاجرانج)ی زانای ماتماتیكی بەناوبانگ پێناسەی نیوتنی بە مەزنترین بلیمەتی سەر رووی زەوی كردوە، هەرچۆن (بولیزمان)ی سەرئامەدی زانستی سروشتیو ماتماتیكی نوێ كتێبەكەی بە یەكەمینو مەزنترین كتێبی ئەو زانستە لەجیهاندا پێناسە كردوە، بەڵام زانای گەردوونناسی ئەمریكی بەناوبانگ (كامبل) دانی بەوەدا ناوە كەسێر ئیسحاق نیوتن شایانی ئەوەیە بە

گەورەترین کەسی بواری زانستی ماتماتیك لە هەموو سەردەمانی مێژوودا ناوبرێت.

نیوتن کە ساڵی 1642 لەدایك بووە، لەسەرەتای تەمەنیدا کەوتنی حکومەتی کۆمۆلتی (کرومیل)ی بە چاوی خۆی دیوە، هەروەها ئەو ئاگرەی بەربووەتە لەندەنو تاعوون بڵاوبووەوە لەشارەکەدا کەسێ یەکی خەڵکەکەی لەناوبردووە، دوای 18 ساڵ ژیانی ناو گوندێکی بچکۆلە، بەخت یاوەری بووەو چووەتە زانکۆی (کامبیرج) لەژێر چاودێریی مامۆستای بلیمەت (ئیسحاق بارو)دا خوێندویەتی، ئەو مامۆستایەی بە باوکی عەقڵیی نیوتن ناونراوە.

هێشتا خوێندکار بووە کەوا بەشوێن تیۆری زانستیدا گەڕاوە، بەهۆی ئەو دەردەوە دووساڵ زانکۆ داخراوەو گەڕاوەتەوە گوندو لەوێ خۆی بۆ ئەزموونە زانستییەکان تەرخان کردوەو ئەنجامەکانیشی سەرسوڕهێنەر بوون، بەر لەوەی بگاتە 25ساڵ بەسێ دۆزینەوە گەیشتووە، ئەوانیش بوونە سەلمێنەری توانایو چووەتە ریزی عەقڵە زانستییە دەگمەنەکانەوە، یەکەمیان (ماتماتیکی جیاوازیی) بووە کە باسی لە هەموو جۆرەکانی جووڵە کردوە،



دووەمیشیان (یاسای پێکهاتەی تیشك)بووە کە لەبەر روناکیی ئەمیاندا رەنگەکانو تیشکی سپی شیکراوەتەوە، بەڵام سێیەمیان (یاسای کێشکردنی گشتی)بووە کە وەکو دەگوترێت بە هۆیەوە ئەندێشەی زانایان هەژاوە، زیاتر لەهەر دۆزینەوەیەکی تیۆریی تر لەسەردەمە نوێیەکاندا.

کاتێك نیوتن (تیۆرە ماتماتیکییەکان)ی نووسیوە زانیویە لە هەوڵەکانی پێشووی کەمتر نابێت، نووسینی ئەو کتێبەی هەژدە مانگی خایاندووەو زۆرجار بیری نانخواردنیشی بەدەستیەوە نەماوەو بۆ ماوەی کەمیش خەوتووە، هەربۆیە ئەنجامی گەورەی بەدەستهێناوە، ئەنجامێك کە یەکێك لەرەخنەگران دەربارەی ئەو کتێبە بڵێت"نووسەر باسی لە جووڵەی تەنەکان کردوە لەرووی ماتماتیکییەوە، بەتایبەت لەرووی داینامیکیو کێشکردنی گشتی کۆمەڵەی خۆرەوە، هەربۆیە بە راڤەی ماتماتیکی جیاکاریی دەستپێدەکات کە هەرخۆی دۆزەرەوەی بووەو لەسەرجەم پڕۆسەی ماتماتیکییەکانی کتێبەکەیدا بەکاریهێناوە، پاشانیش باسی لە واتاکانی بۆشایی ئاسمانو زەمەنو یاساکانی جووڵە کردوە.

تیۆری سەرەکیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر گەردیلەیەکی مادده گەردیلەی دیکە رادەکێشێت بەهێزێك کە بە گونجانێکی پێچەوانەیی لەگەڵ چوارگۆشەی نێوان گەردیلەکاندا بگونجێت.

بەشی یەکەمی کتێبەکە: جووڵەی تەنەکان لە بۆشایی رەهادا.

بەشی دووەم: جووڵە لە ناوەندێکی بەرگریکاری وەك ئاودا.

بەشی سێیەم: سیستمی گەردوون.

نیوتن، بەرلەوەی لەساڵی 1727دا بۆ دواجار چاوانی لێکبنێت، شاژنی وڵاتەکەی نازناوی (شاسوار)ی پێ بەخشیوەو ساڵی 1703بووەتە سەرۆکی کۆمەڵەی شاهانەو بەر لە مەرگیشی دوو چاپی دیکەی کتێبەکەی دیوە، نیوتن کە زۆر بەسادەیی روانیویە خۆیو گوتوویەتی" نازانم بەرامبەر جیهان چۆن خۆدەنوێنم، بەڵام بەرامبەر خۆم وەها خۆدەبینم کە منداڵێکم لە کەناری دەریا ناوبەناو بەدوای وردە بەردا دەگەڕێم". بەڵام زانایەکی وەك ئەنشتاین دەربارەی گوتوویەتی"سروشت لەبەردەمیدا کتێبێکی واڵا بوو، توانیویە بێ زۆر



لەخۆکردن هەموو پیتەکانی بخوێنێتەوە، ئەو لەیەك کاتدا زاناو داڕێژەری تیۆرەکانو میکانیكو هونەرمەندی گوزارشتکردن بووە.

# کووخەکەی مام تۆم








**هارییت ستاو**

رۆمانی(کووخەکەی مام تۆم)ی هارییت بیتشەر ستاو گوزارشت لە مەسەلەی ئازادیی کۆیلەکانی ئەمریکا دەکاتو هێندە کاریگەر بووە، بووەتە هۆکاری شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا.

هیچ شتێك هێندەی ئەدەب گونجاو نەبووە بۆ باسکردنی ئەو کۆیلە رەشپێستانەی وەکو ئاژەڵ فرۆشراونو دەستاو دەستیان پێکراوە، رۆمانی ئەو

خانمە نووسەرە بووە هۆی گۆڕینی مێژووی ئەمریکاو لەسامانی ئەدەبیاتی وڵاتەکەو سەرجەم جیهاندا بووە یەکێك لە رۆمانە هەرە بەناوبانگەکان.

کووخەکەی مام تۆم، وێنەی رەشپێستەکانی ئەمریکای کێشاوە بەر لەشەڕی ناوخۆ، هەربۆیە کاریگەریی لەسەر هزرو دەروونی خوێنەرانی هەبووەو رای گشتیی خەڵکی ئەمریکای بەرامبەر زوڵمو زۆری دژ بەرەشپێستەکان هەژاندووە، پاشانیش جەنگی ئازادکردنی کۆیلەکانی لەساڵی 1861 داو سەرکەوتنی ویلایەتەکانی باکووری بەسەر ویلایەتەکانی باشووردای بەدوادا هاتووە.

ئەم رۆمانە، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا دەنگیداوەتەوەو چاپ لەدوای چاپی دووبارە کراوەتەوەو مانگ لەدوای مانگ وەرگێڕانی تری بۆ کراوە، تەنانەت پێنج سەد ژنی ئینگلیز سوپاسنامەیەکیان ئاڕاستەی(هارییت ستاو)ی نووسەری رۆمانەکە کردوەو لە(ئەسکۆتلەندە) هەزار جوونەی لە هاووڵاتییە هەژارەکانی، بەنسێك لە هەر



یەکە کۆکراوەتەوەو وەك دیارییەکی رەمزیی پێشکەش بە جوڵانەوەی ئازادکردنی کۆیلەکان کراوە.

کاتێك (کووخەکەی مام تۆم) دەخوێنیتەوە، حەزدەکەیت ببیتە یەکێك لە پاڵەوانەکانی، گوێت لە ناڵەو هاوارو سکاڵایان بێت، دەبینیت لە کۆمەڵگایەکدا ژیاون کە تەنیا وەك کاڵا تەماشاکراون، ئەو کاتەی سپی پێستێك گیانی لەدەستدابێت هەموو ماڵو سامانی بەکۆیلەکەیەوە، پێکەوە فرۆشراون، ئەوکۆیلانەش کە ژیانیان بەتەواوی تەنگی پێهەڵچنیبن ئەوا لەماڵی خاوەنەکانیانەوە لە تاریکایی شەودا هەڵهاتوونو خۆشیان نەیانزانیوە روو لەکوێ دەکەن،هەڵهاتوون هەستیان بەئازاری قاچەکانیان نەکردووە کە بەسەر بەرددا هەنگاویان ناوەو ئاگایان لە لقو چڵی درەختەکانیان نەبووە کە جلوبەرگی بە بەرەوە نەهێشتوون، تەنانەت بە شەختەی وردو خاشبووی ژێر پێیەکانیان نەزانیوە کە خوێنیان لێ چۆڕاوە ! ئەوان بەردەوام هەڵاتوونو بیریان بەتەنیا لای دووشت بووە، یەکەم خێزانەکانیانو دووەم ئازادی.

بەڵام بەشەکەی تری خەڵك لەنازو نیعمەتدا لەنێو کەسوکاریانو ماڵی گەرموگوڕدا ژیاون، پێیان وابووە ڕەشپێستەکان وەکو ئەوان خاوەن هەست نین، وەکو ئەوان جگەرگۆشەی خۆیان خۆشناوێت، تەنانەت پێیان وابووە ئەوان وەك ئەسپ وانو بەحاڵی خۆیان ڕازین، بەڵکو وەك گا وانو بەرگەی هەمووشت دەگرن!

سپی پێست گوتوویەتی: برای ڕەشپێستم هیچ نەزانو لاوازە، بەڵام من زیرەكو بەهێزم، دەتوانم چیم دەوێت پێی بکەمو بەئارەزووی خۆم شتێکی پێ بدەمو بەرامبەر هەر خواستێکم چیم بوێت ئاوا ملکەچی بکەم.. من بەتیشکی خۆر سەغڵەت دەبمو ئەو دەتوانی لەژێریدا رابوەستێت ئەو دەتوانێ پارەم بۆ پەیدا بکاتو منیش بیخۆم.. تەنانەت گەر من نەمەوێت لەو دونیاش ڕوو لە بەهەشت نەکات!

ڕۆمانی (کووخەکەی مام تۆم) لە جوانترین شاکارەکانی ئەدەبیاتی مرۆڤایەتییە، خاتوو(هارییت)ی نووسەری، بەو کاراکتەرە زیندووانەی دروستی کردوون، بەجوانی ژیانی کۆیلەو



خەمو خەونەکانی خستوونەتە ڕوو، ئەو خەونانەی ئەگەر ئەو گوزارشتی لێ نەکردنایە، ئەوا نەدەناسرانو نەدەبینران، ئەو دەنگدانەوە بووە بۆ دەنگی کپ کردوویان، ئەو بووەتە زمانیان بۆ ئاخافتنمان بەرامبەر ئازارەکانیان، ئەو ڕۆمانە هەر لە یەکەم ساڵی بڵاوبوونەوەیدا بەپیرەوەچوونی کەم وێنەی بەنسیب بووە.

تەنانەت کاتێ(ئەبراهام لینکۆڵن)ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازیی لە نووسەری ڕۆمانەکە کردوە پێی وتووە"کتێبەکەت یەکێك بووە لە هۆکارەکانی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا"و بەو خانمە گەنجەی زانیوە کە ئاگری شەڕێکی گەورەی بەرپا کردوە.

ناوی نووسەر، بووەتە ناوێکی درەوشاوەو بووەتە هێمای خۆشەویستیەکی ئەمرو ملیۆنان زمان بەمەزنیی ناویان بردووەو بەشکۆداری باسیان لە کتێبەکەی کردوە.

نووسەری کووخەکەی مام تۆم(1811–1896)، بە ڕۆمانەکەی کە یەکەمجار ساڵی 1852 ڕوناکی

دیوه، ئەمریکای هەژاندووه، دوای چەند مانگێکی کەمیش هەموو ئەورووپای هەژاندووه، راستە شەڕی ناوخۆ نزیکەی 600 هەزار قوربانیی لێ کەوتووەتەوه، بەڵام هەمیشە گەشەی مرۆڤایەتی بە روبارێك لە خوێن هاتووەتە بەرهەم، هەرگیز مرۆڤ هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە ئەگەر نرخی ئەو بەرەوپێش چوونە لەسەری نەکەوێت.

نووسەر 85 ساڵ ژیاوه، وشەکانی بوونەتە فاکتەری گۆڕینی جیهانو زاڵ بوون بەسەر جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤی تردا، ئەم رۆمانە کە زیاد لە(50) ملیۆن دانەی لەماوەی سەد ساڵدا لێ بڵاوکراوەتەوه، تا ئێستا خوێنەری هەیەو نموونەی ئەدەبێکە کە کار لەناخی مرۆڤ دەکاتو کاریگەریی لەسەر مێژوو جێهێشتووه.



## یاسین قادر بەرزنجی

* ساڵی 1980 لەکتێبخانەی مۆزەخانەی سلێمانی دامەزراوەو ساڵی 1982 گوێزراوەتەوە بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو تا ئێستاش بەردەوامە لەخزمەتو پلەی (شارەزا)ی هەیە لەکتێبخانەدا.
* سەرنووسەری بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)یە.
* چاپکراوەکانی کە تایبەتن بە بواری (کتێبخانەو زانیارییەکان) بریتیین لە:

– دەروازەیەك لەڕووی کتێبخانەو زانیارییەکان/ نووسینو ئامادەکردن، 2010

– زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری/ بەهاوکاریی ساکار عەلی عەبدوڵڵا، 2010

**لەو کتێبانەشی کە بەم نزیکانە ئامادەی چاپ دەبن:**

– پۆلێنی کتێب/ وەرگێڕان

– سەرچاوەکانی زانیاری/ وەرگێڕان

# پێڕست


| | |
|---|---|
| **میر** | 4 |
| **سامانی نەتەوەکان** | 10 |
| **ســـەرمــایــە** | 16 |
| **بنەڕەتی جۆرەکان** | 22 |
| **خەباتی من** | 28 |
| **لێکدانەوەی خەونەکان** | 34 |
| **تیۆری ڕێژەیی** | 40 |
| **بەرەبەیانی پزیشکیی زانستی** | 46 |
| **تــیــۆرە ماتمــاتیــکیــیەکان** | 52 |
| **کووخەکەی مام تۆم** | 58 |